# نا بۆ داگیرکاری، نا بۆ تیرۆریزم، نا بۆ دەستوری ئیمپریالیستی



**ئازاد ئارمان**
azadarman@hotmail.com

ئیمپریالیستەکان وتەیەکی بەناوبانگیان هەیە" دووبەرەکی پێکبێنەو، فەرمانڕەوایی خۆت بکە". ئەمرۆ ئەم وتەیە لە لایەن ئەمریکاوە بە کردەوە پیادە دەکرێت و بەئاشکرا لە هەولی بەرەو پێشبردنی ئەم پرۆژەیە دایە. ئەویش لە رێگای سەپاندنی دەستووری بنەرەتی عێراقەوە کە پرۆژەیەکی ئەمریکی یەو لە رێگای پارتە پرۆ ئەمریکی یەکانەوە دەچێتە پێشەوە.

سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە سێ ساڵی رابردوو لە عێراقدا پێکهێنانی دووبەرەکی نەتەوەیی و ئاینی یە و دەیەوێت لەم کەناڵەوە سیاسەتەکانی خۆی بەرێتە پێشەوە. سود و قازانج لە شێوەی فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعسی فاشیست وەرگرێت لە سیاسەتی کوشت و بڕ و لە ناوبردن و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و مەزهەبی شیعە لە ناوەراست و باشوری عێراق. ئەم بەربەریەتەی ڕژێمی سەدام بەکاردێنێت وەک چەکێک بۆ دروست کردنی دوژمنایەتی نێوان کورد و عەرەب و کەمەنەتەوەیی یەکانی تر و مەزهەبی شیعە و سونە. ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئەم چەکەی بەدەستەوە گرتووە بۆ ئەوەی بتوانی بە ئاسانی فەرمانرەوایی لە عێراق دا بکات. لەم مەیدانەدا تا سنوورێک سەرکەوتووە.

خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتی یەکان و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان لە جیاتی یەکێتی خەباتیان بەهێز بکەن لە دژی دوژمنی سەرەکی و هاوبەشیان، کە چی ژەهری ناسیونالیزم و ئایین و سکتاریزمی پارتایەتی هێزی لێ ستاندووون. لە جیاتی پێداگرتنیان لە سەر دیموکراسی و ئازادی ڕاستەقینە و خەباتی چینایەتی کە مەسەلەی سەرەکی یە لە کۆمەڵگای عێراق دا، کەچی دابەش بوون لە سەر ئەساسی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و شتی تر. ئەم وتەیەی مارکس مان بە بیر دێنێتەوە کە دەڵێ: بیروباوەری زاڵی ناو هەر کۆمەڵگایەک بیروباوەری چینی دەسەلاتدارە. ئەوەی ئەمرۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ و پروپاگەندەی بۆ دەکرێ و ملیۆنەها دۆلاری لەم پێناوەدا بۆ خەرج دەکرێ دووبەرەکی نانەوە و پیلانی بەرێوەبردن و چەسپاندنی دەستوورێکی داگیرکەرانەیە.

لە کاتێک دا ئەمریکا و دەسڵاتدارانی پرۆ ئەمریکی لە عێراق دا باس لە دانانی دەستوور و دموکراسی دەکەن. کەچی بە کردەوە لە ماوەی سێ ساڵ داگیرکاری هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی عێراقیان بەرەو هەژاری و کارەسات و نائاسایش بردووە، ئاماری کوشتن و برین زیاتر لە 100 هەزار مرۆڤ بێت، لە وڵاتێک دا هەموو ڕۆژێک تەرمی دەیان و سەدان کەس لە سەر شاشەی تیڤی و ڕۆژنامەکان دەبینرێت و بخوێندرێتەوە، لە وڵاتێک دا زیندانی ئەبو غرێبی پێشووی سەدامی جەڵلاد، ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئەمریکا جمەی بێت و جەڵلادەکانی بەعس خۆیان بەشەرمەزار بزانن لە چاو جەڵلادە پرۆفیشینەرەکانی ئەمریکا و بەریتانیا!!!!، لە ووڵاتێک دا خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دوای ئەم هەموو بەربەریەت و جینۆسایدەی بەسەریان هێنا، ئەمریکا بە ئاشکرا لە بەرامبەر داخوازی یەکانی ئەم خەڵکە وەڵامی "نەخێر" ی پێداونەتەوە، (یەکێک لە نموونەکان دەنگ دانی ملیۆنی بۆ سەربەخۆیی). لە وڵاتێک دا تەواوی خزمەتگوزاری یەکان و ئاسایش و ئاشتی وجودی نەبێت ....هتد.

لەم مەرگەساتەدا باسکردن لە مافی دەنگدانی خەڵکی عێراق بۆ دانانی رەشنووسی دەستووری عێراق لە گاڵتەجاری و کڵاو لە سەر نان و درێژەدان بە داگیرکاری لە بەرژەوەندی خودی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هیچی تر نی یە.

باسەکە لە سەر ئەوە نی یە کام برگە لە دەستووری بە زۆر داسەپێنراوی هێزی داگیرکەر مافە سیاسی و مەدەنی یەکان، یاخود پێشێلی مافەکانی خەڵکی کوردستانی کردووە، یان دین لە دەوڵات جیا نی یە لە دەستووردا.بەڵکو هۆکار و کێشەی سەرەکی مەسەلەی داگیرکاری و بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرامبەر ستراتیژی گەورەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا. نەک برگەکانی دەستوور، لە هەمان کاتیشدا ئەبێت ئەمە بەڵگەنەویست بێت لامان کە ماهیەت و جەوهەری راستەقینەی ئیمپریالیزم لە رابردوو و لە ئێستا و لە داهاتووشدا ئەوەیە کە بەکردەوە دەیبینین. هەرگیز نەمان بینیوە و نایبینین ئیمپریالیزم ئاشتی و ئازادی بێنێت بۆ گەلانی چەوساوە یاخود بۆ وڵاتە کۆلۆنیەکان.

خەبات کردن لە پێناوی بنیاتنانی دیموکراسی و ئازادی راستەقینە لە عێراق و کوردستان، هەرگیز دەستەبەر نابێت لە ڕێگای تۆپ و تەیارە مۆدێرنە بۆمب هاوێژەکانی ئەمریکا. (مەسەلەی دەستووریش یەکێکە لەم بۆمبە چنراوانە).

خەباتکردن بۆ ئازادی عێراقیش لە ژێردەستی داگیرکەر دا هەرگیز نایەتەدی بە خود کوژی و کوشتنی خەڵکی ئاسایی یاخود گێرانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەدەی حەفتەم، سەردەمانی فەرمانرەوایی موحەمەد پێغەمبەر. ئەمە یوتۆپیایە و خەونی بەشێک لە ووردە بۆرژوازی ئایینی یە.

لە کوردستانیشدا گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین بەندە بە درێژەدان بە خەباتی شۆرشگێرانە لە سەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان و هاوچارەنووسی و هاوخەباتی لە گەڵ بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری و جەنگ لە سەرتاسەری جیهاندا، نەک کرنۆش بردن و بەکرێگیراوی وەکو ئەوەی بۆرژوازی ناسیونالیزمی کورد گرتیتیە بەر، چاوێکی لە ئیمپریالیزمە چاوەکەی تری لای دەوڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانە. ئەزموونی 50-60 ساڵی رابردوو نیشانی داوە تەنیا شکست بووە نەک سەرکەوتن. ناتوانرێ باوەر بەم ئیدەیە بکەی کوردستانی عێراق (کوردستانی باشوور) لانکی ئازادی و دیموکراسی و سەربەخویی بێت، بەڵام پارچەکانی تر لە سەرەتایی ترین مافی

ئینسانی بێ بەشبن و بە تیرۆریست بناسرێن و ئەمریکا دابەش یان کات بە کوردی باش و کوردی خراپ!!!! یاخود لە کوردستان ئازادی و دیموکراسی شەکاوە بێ ، بەڵام لە ناوچەکانی تری عێراق دا دیکتاتۆریەت و سەرکوت و کوشت و برین بەردەوام بێت. ئینجا کوردستانیش بەشێک بێت لەم وڵاتە. ئەم پروپاگەندە سیاسی یە خۆڵ کردنە لە چاوی خەڵکی کوردستان و نەک هەنگاوێک لە ئازادی نزیک مان ناکاتەوە بەڵکو لە کۆتایی دا ئەوەی بەدەستیشمان هێناوە لە دەستی دەدەین.

رێگە چارە ئەوەیە هەموومان بە یەک دەنگ بەلام بە رەنگی جیاوازەوە بە کورد و عەرەب و تورکمان و موسلمان و نا موسلمان و یەزیدی و کرستیانەتی یەوە وەڵامی نەخێر بدەینەوە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەریتانی کە ئەمرۆ توشی شکست و داڕووخان هاتوون لە عێراقدا.با شکستەکەیان بکەینە کارێکی حەتمی و بە هەموو دونیای راگەیەنین ئەمە پەیامی ئێمەیە: نا بۆ داگیرکاری، نا بۆ تیرۆریزم، نا بۆ دەستووری ئیمپریالیستی. بەڵێ بۆ ئازادی و دونیایەکی باشتر.